

حەسەن ئەیوبزادە

به بۆنەی 62 هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان

## ستراتێژی و تاکتیکی خەباتی حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان
## رابردوو دادێ

بڕیاری ڕادانی کادر و پێشمەرگەی حدکا بۆ ئۆردوگاکانی پەنابەریی "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" لە باشور ، کۆتایی بە هەبوون و دەوری سیاسیی حدکا لە رۆژهەڵاتی کوردستان هێنا.

بەیانییەی 1996/8/4 دەفتەری سیاسیی حیزبی "دێموکراتی کوردستانی ئێران" لەگەڵ مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە دەستوری پاسدار جعفر صحرارودی*، بۆ راگەیاندنی کۆتایی هێنان بە خەباتی حدکا و وەگەرخستنی خێراتری پرۆسەی تواندنەوەی ئەو حیزبە بوو. ناوەرۆکی بەیانییەی ناوبراو بریتیی بوولە:

1- کۆتایی هاتنی خەباتی سیاسیی- نیزامیی و راگەیاندنی تێشکانی یەکجاریی حدکا لەگەڵ توناکردنی هەموو دەسکەوتەکانی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

2- وەلانانی سیاسەتی لەمیژینەی سەربەخۆیی بریاردان. بەستراوەیی سیاسیی - ماڵیی - تەشکیلاتیی حدکا بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە.

3- دەستپێکردنی پرۆسەی تواندنەوەی حدکا.

4- وەگەرخستنی دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامیی بۆ خێراتر کردنی پرۆسەی تواندنەوە و بڵاوە پێکردنی ئەندامانی بەئەزموونی حدکا. بۆ ئەنجامی ئەوپرۆسەیە مافی دەستکەرەوەیی وبەرگریی لە بەرامبەر دەستدرێژیی تێرۆریستەکانی سەر بە دەزگای ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامیی لە حدکا

قەدەخەکرا. لەبەرامبەردا کۆماری ئیسلامیی کۆسپێکی بۆ کوشتن، رفاندن، کڕینی کادر ، پێشمەرگە، دەرمانداوکردن و جاسووسیی لە باشوری کوردستان دژ بە نەیارەکانی لەسەر رێگە نەبوو.

5- بە پێی ئەو بریارە تەشکیلاتەکانی حدکا لەنێوخۆوو دەرەوەی وڵات کە لە ژێرچاوەدێریی ینک دا نەبوون ناچار بە بێدەنگیی و قبووڵی پرۆسەی توناکردنی حدکا کرابوون. بۆ بەجێگەیاندنی سەرکەوتوانەی ئەو پرۆسەیە دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامیی سەدان کادر و پێشمەرگە و لایەنگری حیزبی دێموکراتی تێرۆرکرد، بێ ئەوە لەدەرەوە و نێوخۆی وڵات دەنگی لێ‌دەربێ.
ئاکامی سیاسەتی عەمەلیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش دابەزاندنی لە قەندیل و جێگیرکردنی لە کۆیە و وەلانانی سیاسەتی سەربەخۆیی بریاردان و قبووڵی توانەوەی لە نێو ینک (دۆستی ستراتێژیکی کۆماری ئیسلامیی) ئەو ئاشبەتاڵەبوو کە دوکتورقاسملوو پێشبینیی کردبوو و بۆ وەدواخستنی، گیانی خۆی لەسەردانا.

5-حدکا و سازمانە سیاسیی‌یەکانی دیکە بە پێی ئەو رێککەوتنە ناراستەوخۆیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی لە حاڵەتی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی هاتنە دەرەوە و بە کردەوە بوونە بەشێک لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و خاوەن بەرژەوەندیی بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەکە.
لەورووەوە ئەم سازمانە لە نێوخۆی وڵاتدا لەبیرچوونەوە و تەنیا رەمزەکانیان وەکو مێژوویەکی تاڵ لە مێژیی خەلکدا راگیرا. بۆ جێگیرکردنی سیاسەتی ئاشبەتاڵ، زۆر جەردەی سیاسیی، ئیرانچیک*،کەماڵیست، دژ بە مافی نەتەوەیی و بە ناوی پاراستنی یەکێتیی نژادیی ، ئایینیی، مەدەنیی کەوڵی هۆمانیسمیان پۆشی و روحی دیفاعی نەتەوەییان لەنێو خەلکەکەماندا کوشت.
6- بۆ حدکا و لەپێوەندیی بە کاروباری نێوخۆیی‌یەوە، قبووڵی ئەوبەیانی‌یە دووقۆڵی‌یە، بە مانای گاڵتە کردن بە دێموکراسیی نێوخۆیی، بێ پرەنسیپیی و بە هێندنەگرتنی ئەساسنامەی حیزب بوو. چونکە بەیاننامەکە، ستراتێژیی خەبات و ئامانجی کورد و فەلسەفەی وجوودیی ئەوحیزبەی تونا کردبوو. دانی ئەو بریارە لە چوارچێوەی دەسەلاتی سکرتێری حیزب، دەفتەری سیاسیی وکومیتەی ناوەندیی‌دا نەبوو. بریارێکی ئەوتۆ دەبوو لەلایەن کۆنگرەی ئاسایی یان نائاسیی حیزبی دێموکراتەوە بدرێ.

7- دەفتەری سیاسیی حدکا قبووڵی کردووە کە گیروگرفتێک بۆ تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی کە لە باشوری کوردستانن پێک نەهێنێ.

لەبەرامبەر دا ینک ڕێگەی داوە بە حدکا لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیدا ئازادیی هاتوچۆ و تێکۆشانی سیاسیی هەبێ. بەڵام بە گوێرەی ڕاگەیاندراوی چەند مانگ لەمەوبەری بەشی ڕاگەیاندنی ینک، حدکا و ئەندامەکانی, پەنابەری سیاسیین و مافی تێکۆشانی سیاسییان به دژی کۆماری ئیسلامیی نیە.



لاپەری ١٥
نووتـــی, ١٩٩٦

## بەیاننامەی هاوبەش

دوابە دوای هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆسەر بنکەکانی حیزبی دیمۆکرات و بنەماڵە ئاوارەکانی کوردی ئێرانی لە دەوروبەری کۆیە لە ڕێکەوتی ٢٧-١٩٩٦/٧/٢٨، هەیئەتی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژەکانی ٤-١٩٩٦/٨/١ کۆبوونەوە بۆ تەنزیم کردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە و چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی کە بە هۆی هێرشی ئێران لە نێوانیان دا پێک هاتبوو.

لەئاکامی ئەو وتووێژانە دا بە تەوافوق گەیشتن کە حیزبی دیمۆکرات بەرنامەی کار و تێکۆشانی خۆی بە چەشنێکی ئەوتۆ دابڕێژێتەوە کە لەگەڵ هەل و مەرجی ئێستای کوردستانی عێراق دا گونجاو بێ و، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش وێڕای تەزمینی تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دیمۆکرات لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دا ئەمن و ئاسایشی ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە بپارێزێ.

هەروەها هەردوو لا بەڵێنیان دا کە بە کردەوە هەنگاو هەڵگرن بۆ ئەوەی ڕووحی تەفاهوم و دۆستایەتی لە نێوانیان دا بەهێزتر بکەن و ئەگەر هەر گیروگرفتێکیش لە نێوانیان دا هاتە پێش، بە ڕێگای وتووێژی دۆستانە چارەسەر بکرێت.

مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
١٣٧٥/٥/١٤ - ١٩٩٦/٨/٤

به گوێرەی ئەو بەیاننامەیە، جێگیربوونی " بنکەکانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵە ئاوارەکانی ئێرانی لەدەوروبەری کۆیە- لەو دەقەی سەرەوە دا

بیخوێنەوە" لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیدا نەبووە. لەبەر ئەو تاوانە هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئەو مافەیان هەبووە هێرشیان بۆبەرێ و بڵاوەیان پێبکا. هەرچەند دواتر بەرپرسێکی ئەزموونداری حدکا رایگەیاند کە حیزبی دێموکرات بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی" برا کوردەکانی"* ئاشبەتاڵی بە حیزب و خەلکە ئاوارەکەی کردووە. فیداکارییەکەی دەفتەری سیاسیی بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی برایانە تائەو جێیە بووە کە تەنانەت مافی خۆپاراستن لە تێرۆری کۆماری ئیسلامییشی لە کادروپێشمەرگە و لایەنگری حدکا قەدەخە کردبوو

*تێبینیی : مەبەستی دەفتەری سیاسیی لە ئاوارەکانی کوردی ئێرانی لەو بەیانییەدا، پێشمەرگە، کادر و ژن وژاڵی حدکا بووە.*

بەرێز تاڵەبانی لەمەر حدکا و پاراستنی بەرژەوەندیی‌یەکەی بە پێچەوانەی قسەکەرە ئەزنموونداره بەرپرسەکەی حدکا بەجۆرێکی دیکە داخفێ.

برایانی پشتیوان لەگەل حدکا دوو زبانی جیاواز و دوو لێکتێگەیشتن و دوو هەڵسەنگاندنی جیاواز و دوو بەرژەوەندیی جیاوازیان هەبووە. بەرێز تاڵەبانی لە وتووێژ لەگەڵ ژینی نوێدا لەمەر حدکا و بەرژەوەنیی‌یەکانی هەردوو لا دەڵێ:

*" بەڵام حدکا ....*

*بە یارمەتی با تەواوی بکەم! ئەمە وەزعەکەیە. لە ئێراندا هیچ نییە. هێندێک کەس لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ کوردستانی عێراق هەڵهاتوون. پێویستە رێز لە یاساکانمان بگرن. گەر دەیانەوی بچنە دەرەوە، گەر دەیانەوێت بچنە وڵاتی خۆیان، ئارەزووی خۆیانە. ئێمە دەرکیان بۆ دەکەینەوە با بچن لەوێ بجەنگن. بەڵام مەحاڵە لێرە دایانبنێین، 10 کەس بنێرن بۆ جەنگ و پاشان بێنەوە بۆ هەمان جێ. چ دەوڵەتێکی جیهان رێگە بەمە دەدات؟ تەنانەت گەر کوردستان رزگاریش بێت، تەنانەت گەر کوردستان سەربەخۆش بێت، ناتوانێ خۆی بکا بە بنکەی ئەمە...."*

ئەوەی کە لە رواڵەتی دەقی ئەو بەیانییە و روحی ئەو رێکەوتنە دەردەکەوێ ئەوەیە:

تەسلیمی بێ قەیدو شەرتی حدکا، نەگەڕانەوە بۆنێوخۆی وڵات و مانەوەی هەتاهەتاییی‌یە لە ئاوارەیی بە دەسندەخۆریی لە ئۆردوگاکانی باشوری کوردستان، بەوچەشنەی کە 60 ساڵە پەنابەرانی فلستینی لە لوبنان و ئۆردۆن و سوریابە سەگمەرگی و بە جیرەی یو. ان دەژین.
پەنابەریی وجیرەوەرگرتن لە سەربازخانە چۆڵکراوەکانی ی نزیک بە کۆیە کە زۆریش لە سنووری کۆماری ئیسلامیی دوورنی‌یە هەتاهەتایی نی‌یە. هەرکاتێ کە گوشارێک لەلایەن وەچەی نوێی کورد و پێشمەرگەی گەڵ و کوڕی رۆژی تەنگانەوە لە نێوخۆی وڵات بخرێتە سەر کۆماری ئیسلامیی،کۆماری تێرۆریش گوشار بخاتە سەر ینک بۆ تەحویلدانەوەی ئاوارەکان یان دەرکردنی پاسەوانان و چەکدارانی شەخسیی رێبەرانی سیاسیی کە لەوە پێش پێشمەرگەی گەلی کوردبوون، دەسەڵاتدارانی کورد لە باشور ناچاردەبەن بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیی و خۆیان بپارێزن و ئەو ئاوارانە لە قەوەزی پلاستیکدا بۆ کۆماری ئیسلامیی بنێرنەوە. رەنگە ئەو مەئمورییەتە بە حیزبی بزووتنەوەی ئیسلامیی بسپێردرێ کە ئەزموونی گرتنی 7 پێشمەرگەی دێموکرات و فروشتنیانی بە کۆماری ئیسلامیی هەیە ( 6 یان ئێعدام کران و یەکیش رای کرد. ) رەنگە ئەو حیزبە ئێستا لە پارلمانی کوردستاندا نوێنەریشی هەبێ.
لە بەناو هێرشەکەی 27-1996/7/28 کۆماری ئیسلامیی بۆ کۆیە بۆ ترساندنی ( ئەندامانی پلە بەرزونزمی حدکا) بە پێی بەیانی‌یەی دەفتەری سیاسیی جعفر صحرارودی قەوەزی سفارشیی ئاسنی بۆ بردنەوەیان لەگەڵ خۆی بۆ هێنابوون.

<u>خەباتی دۆڕاو تەشکیلاتی کۆنی حیزبی دێموکرات</u>

شێوەی رێبەرایەتیی و نەناسینی جیهانی نوێ و سیستمی فکریی تودەیی زاڵ بەسەر کەسانێکدا کە پاش دوکتور شەرەفکەندیی و دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتیان کەوتە دەست، نەیدەتوانی حیزب لەو قەیران و قۆرتەی کە تووشی ببوو، رەزگاربکا. رێبەرایەتیی ناسەربەخۆی بەستراوە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، نە توانایی بەرێوەبردنی ئەو حیزبەی هەبوو نە دەرەتانی مانۆری سیاسیی - نیزامیی. چونکە بە ویستی خۆی لە نێوقەوەزیکی هەراویان کردبوو و کەوڵێکی شێریان بۆلەو قەوەزەدا و بۆ نومایش و حەقایەتخوانیی و شانامە خوێندنەوە دەبەرکردبوو. ئەوەندە دەرەتانەش درابوو کە موکریانیی گوتەنی : بێ وبچێ و بڵێ: "من حەمەدم و ماڵم لە قۆیتەڵە" باس لەرابوردوو

بکا و خوان و دەست و پێوەندەکانی ببژێرێ. هەرچەند جاروبار ڕێبواران بەو نومایشە تووڕە دەبوون و دەیانگوت" نان ئەو نانە ئەمرۆ لە خوانە،داشتەم داشتەم حیساو نییە،دیرەم، دیرەم حیساوە. بەڵام بەرژەوەندیی" نیشتمانیی" ڕێگەی نەدەدا ، نوێنەری 90 لە سەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قەوەزی تەلبەندی معەسکەری کۆیە بەرەو وڵاتەکەی خۆی بگەڕێتەوە تا بە ئاوو هەوای کوێستانەکانی شاهۆ و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و بەفراوی قەندیلی مامەکۆیان و لە نێو عەشیرەتی عەبدوویی و جەلالیی و لوری کاڵە موویین و خوڕرەمائاویی زانا و قەڵخانی و موکریی و کرماشانی خۆیڕانێ و لە نەخۆشیی ئەسپەک کە لەکەللەی دابوو خۆی رزگار بکا.

ماکیاویلیسم لە سیاسەتدا هەرگیز سەرکەوتوو نەبووە. ئەوەش پێناسەیەک بوو بۆ ئەو حیزبە و ئەوسیستمە تەشکیلاتییە کە دوکتور قاسملو لە کورتە مێژووی* ڕێبەرایەتییدا و لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئەو حیزبەدا بە هەق باسی کردبوو. ئەدەبیاتی حیزب بە بەپێی " کوردستان" ئۆرگانی ڕەسمیی حیزب لەهەموو ساڵانی مانەوە لە داڵدەیی و تاراوگە بریتیی بووە لە فاتیحە خوانی بۆ تێرۆرکراوان و چاپکردنی وێنەی شەخسیی و فروفیشاڵی سەیروسەمەرە و ساختەچێتیی سیاسیی و پەسنوێژیی بۆ ئەم و ئەو.

هەموو ژمارەکانی کوردستان سەرلەبەر بپشکنی، جیا لە خەبەری کۆنی چەپرەکیی ، ڕاپۆرتی سەفەری سەرۆک بۆ دیداری دەرکەوانی فلانەکارگێری هەرەنزمی بەشی ئەمنییەتیی- سیاسیی فلانە باڵوێزخانە و کوشتنی روحی بەربەکانیی نەتەوەیی، تشتێکی دیکە نەبووە. هەرگیز باسێکی سیاسیی- پەروەردەیی - مێژوویی بۆ لاوان بۆ خەباتێکی ئازادیخوازانە و دژایەتی لەگەڵ سیستمی کۆیلەتیی و داگیرکراویی کوردستان نەخرایە نێو ئەدەبایتی ئەو حیزبەوە کە 62 ساڵ لەمەو بەر کۆماری کوردستانی دامەزراند. لاوێکی بە روحی نەتەوەیی پەروەردە نەکرد. وەکو قیل بە کفنی ئێرانیگەرییەوە نووسا و باسکردنی لە دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ کورد بە خەیانەت دانا. ڕێبازێکی نیشتمانیی، هەوڵدانێک بۆ ناسین وناساندنی کوردستان... هەوڵ بۆ دانانی دامودەزگایەک بۆ پەروەردەکردنی زانا و پسپۆری سیاسیی، بەرنامەیەک بۆ ناسینی ژیانی نوێی ، ئاوڕدانەوەیەک بۆ ڕێکخستنەوەی خەبات... تێکۆشانێکی فەرهەنگیی و هەوڵ بۆ خۆناسینەوە و تێکەڵکردنەوەی ماڵی کورد و راکێشانی کوردی خاوەن ئائین و زاراوەی جۆراوجۆر بۆ نێو ماڵە کاولکراوەکەی، ناسینی حدود و سنوری کوردستان، هەوڵ بۆ سڕینەوەی شوێنەواری فەرهەنگیی، فکریی،

جێگەیی داگیرکەران، بنیاتنانی دامودەزگایەکی توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر کورد لەدەرەوەی کوردستان، کۆکردنەوەی دۆکۆمێنت، ناوی جینایەتکاران و کەسانێک کە بوونەتە هۆی کوشتار، تالان، قڕکردن و ماڵوێرانیی و دەربەدەرکردن و ئاوارەکردنی کوردان، وەلانانی ئەدەبیاتی گۆرستانیی و عاشورایی و شین و گابۆر و توک و نزا وپەسنوێژیی سیاسیی بۆ دەسەلاتداران و بێحورمەتی و تانە لێدان و بوختانکردن بەدڵسۆزانی نیشتمان، هاندانی خەلک بۆ فێربوونی سەنعەت و تێکنیک و خۆ رزگارکردن لە ژیانی کۆچبەریی و کوورەخانەیی و خشتبڕیی، ناسینی جیهانی نوێ. خۆدوورخستنەوە لە ئەدەبی فڕوفیشاڵیی و بەخۆداهەلگوتن. کەلک وەرگرتن لە ئاوەز و ژیریی مرۆڤ... هەموو ئەمانە ئەرک و بەرنامەی هەرحیزبێکی تێکۆشەری نەتەوەیی‌یە کە بیەوێ بنەمای ئازادیی وڵاتەکەی دابڕێژێ.

لەهەموو ساڵانی رابردوودا کارێکی سیاسیی بەرچاو لەنێوخۆی وڵات و لەدەرەوەی وڵاتدا دژ بە رژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی لەلایەن حیزبە-کانی رۆژهەلاتەوە بە تایبەتی حدکا نەکرا. ئەو حیزبە تەنانەت نەیوێرا لەبەر بەرژەوەندیی دۆستان لەکۆڕو کۆمەڵ و دادگە قانوونیی‌یەکانی جیهاندا دژ بە جینایەتەکانی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی حازربێ و لەمافی تەنانەت رێبەرانی سیاسیی خۆیدا بە بیانووی نەداریی و خەرجی زۆری وەکیل خۆی گێل بکا. بۆ ئەوە خۆی لەو ئەرکانە بدزێتەوە، پەشێوگوتەنی لەسەر درێژی و کورتی کلکی کەر گەنجە هەژارەکانی کوردیان تێک بەردا تا ورگی یەکتر بدڕن.

کاتێ باس لە سیستم و تەشکیلاتی کۆنی حیزب دەکرێ، مەبەست بە تەنیا قەوارەی حیزب و سانترالیزمی دێموکراتیک نی‌یە. بەڵکو، رێبەرایەتیی‌یەکە نائاگا و کۆنەپەرستە. سیستمی کۆن و بیروبۆچوونی رەمەکیی، خووخدەی خێڵەکیی و نائاشنایی لەگەل زانستی نوێ و جیهانی نوێ و تەشکیلات و سازمانی نوێ کە بۆ ئەو سەردەمە پێویستن، سروشتیی بوو کە خێراتر دیواری پوواوی حیزبی دێموکرات تێک بتەپێنێ و ئاساری بەسەر پاداریی‌یەوە نەهێڵێ.

بڕیاری جیابوونەوەی بەشێک لەحیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی 8 کە بە کونگرەی فیکس ناودێرە، نادروست بوو. پەیوەست بوونەوەی ئەو بەشە دابڕاوە بە حیزبی دایک پاش 9 ساڵ و دوای تیرۆری دوو رێبەرەکەی ، بەڵگەیەکی روون و ئاشکرا بۆ هەڵەبوونی ئەو بڕیارە بوو.

کارەساتی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤییەن و دووسال و چەندمانگ دواتری تێرۆری میکونوسیش بۆ ئەو رووداوە هەڵەیە دەگەڕێتەوە. دابڕدابڕکردنی حیزب و شکستێکی کە جیاییخوازەکان بەسەر حیزبی دێموکراتیاندا سەپاند، دوکتور قاسملووی هاندا بیر لە وتووێژی کۆماری ئیسلامیی بکاتەوە وبەرەو داوی مەرگ بچێ.

دوکتور قاسملوو پاش کۆتایی هاتنی شەری سەددام و خومەینی پێش‌بینیی ئەوەی کردبوو کە کورد رێگەیەکی دیکەی لەبەرە و چارەنووسێکی دیکەی هەیە. ئەو کەسێک نەبوو کە بتوانێ لە قەوەزی کۆیەدا وەکو ئێستا، بە دەسندەخۆریی بژیی، مەیدانی خەبات بەجێ بێڵێ و چارەنووسی گەلەکەی بداتە دەستی رەشترین حکومەتی تێرۆریستیی جیهان. ئەو سیاسەتڤانێکی واقیع‌بین بوو. بێجگە لە سەرکەوتنو ئازادیی نەتەوەکەی تشتێکی دیکەی بۆ خۆی و بۆ کەسانی خۆی نەدەویست. بەڵگەش وەسیەتنامەکەیەتی کە بەر لەچوونی بۆ وییەن دابووی بە هاوژینەکەی و نووسیبووی*:

"ئەوەی من هەمە بێجگە لە کتێبەکانم، هەمووی هی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە."

لیستی فیکس لە کۆنگرەی 8 دا بۆ ئەوە بوو کە ئەو سیستمە کۆنە، پوواوە و کەسەکانی نێو رێبەرایەتی نوێ بکاتەوە. حیزب دەبوو خۆی بۆ هەلومەرجی پاش تەواوبوونی شەری دوژمنانی کورد ئامادەبکا و توانایی مانۆری سیاسیی و نیزامیی بەجۆرێک بەرێتە سەرێ کە دوچاری ئەو وەزعە نەبێ کە ئێستا تێیدایە. بەلام شێوەی هێنانە گۆڕێ و راگەیاندنی ئەو باسە، نەگونجاو بوو. کاری بۆ نەکرابوو. لە کۆبوونەوەکاندا باسەکەی نەهاتە نێو کادر و پێشمەرگە.

جیابوونەکە بەپێچەوانەی ئەوە کە پاشان رەنگی سیاسیی لێدرا ، سیاسیی نەبوو. جیابوونەوەی ئەم دواییەش سفارشیی و بۆ بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامیی و جێگیرکردنی هەتاهەتایی حیزب لەدەرەوەی وڵات و دابینکردنی بژیوو سوودی فەردیی بوو.

بەر لەکۆنگرەی8 رەوانشاد دوکتور شەرەفکەندیی، هەوڵێکی سەرنەکەوتووی‌دا بۆ رێفۆرمێکی تەشکیلاتیی و ئاڵوگۆڕی نیزامیی و دارشتنەوەی سیستم و قەوارەی تەشکیلاتیی حیزب. بەلام بەشی کۆنەپارێز و نائاگای حیزب کە فراکسۆنێکی بە هێزی نهێنیی لەنێوحیزب دا هەبوو، تەگەرەی تێخست و

نەیهێشت ئەو هەلە بڕەخسێ کە حیزب خۆی نوێ بکاتەوە. بە پێی ئەو پلانە لەیەکەم پلەدا قەرار وابوو ژمارەی پێشمەرگە تا 500 کەس کەم بکرێتەوە. ئەو کەسانەی کە خاوەنی ژن و منداڵ بوون و توانایی مانەوەیان لە هەلومەرجی دژواردا نەبوو، دەبوو یارمەتی بدرێن کە لە دەرەوەی وڵات یان لە هەرشوێنێک بۆیان بلوێ نیشتە جێ بکەن. هێزی پێشمەرگە دەبوو بچێتەوە نێوخۆی وڵات و هەوڵ بدرێ هەلومەرجەکە بگۆڕێ. ئەوەش تەنیا رێگا و باشترین چارە بوو.

پارتی کرێکارانی کوردستان (پکک) پاش پیلانی نێودەوڵەتیی بە دژی بەرێز عبداللە ئوجەلان، سکرتێری ئەو حیزبە، سەرکەوتوانە بە بەرنامەیەکی ئەوتۆ کاری کرد و خۆی لە نەمان و توانەوە رزگارکرد.

حیزبی دێموکرات کە تان و پۆکەی مۆرکە لێیدابوو، ، بیرو مێشکی بەرێوەبەرانی جیهانی نوێیان نەدەناسی و لەباری سیستمی فکریی‌و سەردەمیانە لەباشترین حاڵەتدا فتۆکۆپی‌یەکی کاڵ و بێ رەنگی ئاخوندەکانی کۆماری ئیسلامیی بوون، نەیاندەتوانی و ورەی چوونەوەیان بۆ نێو وڵاتەکەی خۆیان نەبوو. ئاڵترناتیوێکی دیکەشیان جیا لە خۆتواندنەوە لە نێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا کە دۆستی ستراتێژیکی کۆماری ئیسلامیی بوو نەدەناسی. ئەوە راستیی‌یەکە و ناشاردرێتەوە. حیزبی دێموکرات نەیدەتوانی تاقە یەک کەس لە دەرەوە بۆ نێوخۆی وڵات بنێرێتەوە. تەنانەت ئەو کەسانەی کە وەکو خوێندکار ناردبوونیە دەرەوە ، پاش تەواو بوونیان لە خوێندن، ئامادە نەبوون بۆ سەردانیش بگەرێنەوە نێو پێشمەرگە. ئەوە دیاردەیەکی سەیرە و دەبێ وەکو پەتایەک بۆ هەموو حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵات وەبەرچاو بگیرێ. توانەوەی حیزبە کوردستانیی‌یەکانی رۆژهەڵات و گەشەی پکک دەبێ لەو روانگەیەشەوە سەرنجی بدرێتێ. ئەو ئەزموونە دەرسێکی مەزنە بۆ خەباتی کورد، بە تایبەتیی بۆ رۆژهەلاتی کوردستان کە لەو زەلەقەی تێی چەقیوە خۆی رزگاربکا.

هەموو حیزبەکانی کورد وەکو حدکا لە رۆژهەلاتی کوردستان بە پێی بۆچوون و هەلس و کەوت و هەوڵیان بۆ مانەوە لەدەرەوەی وڵات، دۆڕاون. ئاسۆیەکی روونیان نی‌یە و ئیرادەی ئەوەیان نی‌یە خۆیان لەو زیندانەی کە تێیدان رزگار بکەن. هەموو دابڕاون، زمانی خەلکەکەیان لە بیر چووەتەوە، سیستمەکەیان بۆ خەباتێکی نوێ کارایی نێیە... لەگەڵ ئەوەش قەراردادی 1996/8/4 حدکا و بەرژەوەندیی و گرێدراویی لایەنەکانی دیکە بە ئێرانەوە رێگەی چوونەوەیان بەربەست دکا. باس کردنی ئەو رەوت و پرۆسەیە ، بۆ سەرکۆنە کردن یان

دژایەتی کردنی کەس و سازمانێک نیيە. ئەوە جیهانی واقیعە. کەسیش سەرکۆنە ناکرێ چونکە:" لايكلف الله نفسا الا بما وسعها" هەرکەس بە رادەی توانای بەرپرسە.

ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(لەو سەردەمەدا کە هەر دووڵای لێکدابڕاوی ئێستای پێکەوە بوون) بەو بڕیاری ڕۆژی 1996/8/4 ی، بوو بە تاقمێکی ئاڵقە لەگوێی ینک. سەیرئەوە بوو کە بەڕێوە بەرایەتیی ئەوحیزبە بۆ ڕاگرتنی ئەندامانی خۆی و شاردنەوەی ڕاستیی ڕووداوەکان ئەو خۆکوژییيەی بە سەرکەوتنی حیزبی دێموکرات بەسەر کۆماری ئیسلامیيدا لەقەلەم دا و جەژنی بۆگرت. بڕوانە "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی ژمارە 236 و پاشکۆکەی سالی 1996.


KURDISTAN

The Organ of Central Committee of The Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 236 August 1996

بەڕێزبێ ٢٥ی گەلاویژ، سالرۆژی دامەزرانی حیزب

سکرتێری گشتیی حیزب لە جێژنی ٢٥ی گەلاویژی ١٣٧٥ دا:

ئەمڕۆکە ڕۆژی جێژن و شادمانی‌یە ، هەم بۆ یادی دامەزرانی حیزبە خۆشەویستەکەمان ، هەم بە شانازیی تێک شکانی هێرشی کۆماری ئیسلامی

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٧٥، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بە بەشداریی ئەندامانی دەفتەری سیاسی، ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی‌و سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی‌و بنەماڵەکانیان لە یەکێک لە بنکەکانی حیزب لە نزیک شاری کۆیە بەڕێوەچوو. ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی بەشەرەف‌و دێموکرات دۆستی کۆیە بۆ ئەم جێژنە بانگهێشت کرابوون. لە سەعات ٦/٣٠ی دوانیوەڕۆ را جێژنەکە بە سرووودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. پاشان هاوڕێی بەڕێز مامۆستا «عبداللە حسن‌زادە» سکرتێری گشتیی حیزب وتارێکی گرنگی پێشکێش کرد. لە بەشەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا چەند پارچە پەخشان، شانۆیەکی کۆمیدی‌و کۆمەڵێک سروود و گۆرانی پێشکێش کران. ئەوەی لێرەدا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێزی «کوردستان» دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لەم ڕێ‌و ڕەسمە دایە:

سلاو لە هەموو ئەوانە کە لە ڕێگای ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا تێکۆشاون‌و گیانیان داناوە. هەروەها سلاو بۆ هەموو ئەو کەسانە کە خشتێکیان لەسەر دیواری بەرزی تێکۆشان و خەباتی پڕشانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داناوە.

ئەمڕۆ پەنجاو یەک ساڵ یان بڵێین یەک ساڵ لە نیو سەدەی دووهەمی تەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێ‌دەپەڕێ. لە ماوەی ئەو پەنجاویەک ساڵەدا، ئەم حیزبە ڕێگایەکی پڕکەندو لەندو هەوراز و نشێوی بڕیوە، زۆر جار کەوتوە بەڵام هەمیشە هەستاوەتەوە، برینی گەورەی هەڵگرتوە، بەڵام لە مەیدان دەرنەچووە، هەمیشە جێگای ڕێز و متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە، خوێنی لە پێناو دابەخشیون، ماندوویی لە پێناو دا چاشتوون‌و قەت لە ڕێگای ئامانجەکانیان لای‌نەداوە. بۆیە هەمیشە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک بووەو جێژنەکانی لە پێش هەموو شیانەوە جێژنی دامەزرانی هەموو ساڵێ لە هەموو هەل‌و مەرجێک دا! تەنانەت ئەگەر لە کۆڕی بنەماڵەکانیش دابووبێ، یادکراوەتەوە. زۆرمان نەگوتوە ئەگەر دەڵێین حیزبی دێموکراتی کوردستان وا دەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران تێکەڵ بووە کە لێک جیاکردنەوەیان کارێکی یەکجار دژوارە. ئەگەر نەڵێین ناموومکینە. ئێمە تێکۆشەرانی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شانازی دەکەین کە ئاڵای ئەو خەباتە پیرۆزەمان بەدەستەوەیە. ئاڵایەک کە لەسەر شانی دەیان هەزار شەهید و بەتایبەتی شەهیدانی سەربەرزی وەک «قاضی» و «قاسملو» و

دوکتور قاسملوو لە کورتە مێژووی رێبەرایەتیی حدکا بەرلەهاتنەوەی بۆرۆژهەلاتی کوردستان گوتویە:
رێبەرایەتیی حدکا لە باشور و پێش گەرانەوەی بۆرۆژهەلاتی کوردستان، دەغەڵیی وکۆکردنەوەی چەک و پارە بووە. ئەوە راستەو راست فەرهەنگی مەلاکانی تارانیشە. بەلام دەکرێ ئەو سیاسەتە سەرکەوتووبێ؟ ( فامکراوەکە و ماناکەی وەرگیراوە).
ماکیاویلیزمەکەی نووسەری وتاری "شانازیی تێشکانی هێرشی کۆماری ئیسلامیی" کە بۆخۆی لە شوێنی هێرش لەکۆیە رایکردبوو تا هەولێر نەگیرسابۆوە، دەبێتیە پەسنی شایەرەکەی سوڵتان کە گوتبووی:
زسم ستوران در این پهن دشت
زمین شد شش و سما گشت هشت
جیا لە چەند پێشمەرگە کەسێک لە کۆیە نەمابوو، خەلکەکەی بۆ خستنە ژێر گوشاری ماڵیی و بێجێ و رێگەیی بەرەو بەردەرگای یو. ان ڕاونابوو، هەزارپێشمەرگەی ینک بە وتەی کریس کۆچرا رەگەل ئەو چەند هەزارەی کە بۆ ترساندنی کادر و پێشمەرگە و نووسینی ئەو بەیاننامەیە رەگەڵ خرابوون، تا ئەو نومایشە بەرێوەبەرن و ئیمزا بۆ بەیاننامەکە وەربگرن، قەوەزیان پێیە و رێبەرایەتی مانگێ زووتر ئاگاداربووە کە دێنە سەریان بەلام خەلکەکە لەوێ رادەگرێ تا بە چاوی خۆیان قەوەزان ببینن وبیانخەنە وەزعێکەوە کە بە هەمووشتێک رازیان بکەن و قەراردادی ئاشبەتاڵیان پێ بنووسن، بەراست ئەوە سەرکەوتنە یان ماکیاویلیزمەکەی سەردەمی کۆن؟

رێبەرایەتی ئەو کاتی حدکا نیشانیداکە جیا لە پاراستنی دەفتەری فەرمانرەوایی هیچی دیکەی بۆ گرنگ نەبووە. هەرگیز ئەو حیزبە بەو خەلکەی نەگوت لەسەر کام بنەما و بە بریاری کام دەزگای حیزب دەبێ لە قەندیل دابەزێ و لە کۆیە بکرێتە نیشانەی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی؟
بروانە سەرجەمی ئۆرگانی کوردستان و بەسەرهاتی سەدان پێشمەرگە و کادر و لایەنگری تێرۆرکراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرایەتی شۆرشگێر، و کۆمەڵە، کە نەزانراوە کێ کوشتوونی و بەرپرس کێ بووە؟
حدکا بەگوێرەی دۆکۆمێنتەکانی بڵاوکراوە کە بەشێکی بەرچاویان لەلایەن هێزەسیاسییەکانی دیکەوە لە باشور بڵاوکراونەوە لەژێر گوشاری هیزی

پشتیوانی پێشوو و پەنادەری دوایی (ڕاگەیاندراوی دەزگای ڕاگەیاندنی ینک) بە "خشکە" خۆی بەدەستەوە داوە و پلانەکەی صحرارودی بە زیادەوە جێبەجێ کردووە. بە وەلانانی سیاسەتی سەربەخۆیی بریاردانی حدکا و تواندنەوەی خۆی لە نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌دا، سازمانەکانی دیکەش بەناچار هەمان سیاسەتیان ڕەچاوکرد.

ئەگەر باس لە هەڵوێستی ینک دەکرێ، دەبێ لەبیر نەکرێ کە هیچکام لە هێزەکانی کورد ریسالەت و پەیام و خیتابی سیاسیی و پەیامی ئەوەیان نی‌یە لە دەسەڵات و دۆستایەتیی خۆیان لەگەل دەوڵەتانی دراوسێ بۆبەرژەوەندیی کورد دەست هەڵبگرن و مەسەلەی کورد وەکو مەسەلەیەکی نەتەوەیی چاو لێبکەن. هەر ئێستائەو مەسەلەیە لە پێوەندیی بە پکک و تورکیا و ئیرانەوە لەبەرچاوە. بەرێز تاڵەبانی ئەو بابەتە زۆر باش و بەبێ شاردنەوە و لەدرێژەی ئەو باسەی کە لەمەر حدکا کردبووی و لەسەرەوە ئاماژەی پێکرادەڵێ:

*"..ئەگەر دیانەوێت خەباتێکی هاوبەش بۆ گشت گەلی کورد هەبێت، با بیکەین. با حدکا ینک و پکک بەرەیەک پێک بهێنین و یەک شۆرش لە گشت پارچەکاندا بەرپا بکەن. بەلام لە کاتێکا هەر یەکە خەریکی پارچەکەی خۆیەتی پێویستە رێزی بەرژەوەندیی ئەوانی تر بگرێت..."*

سەرۆکی ینک بە زمانێکی ساکار و بە روونی رایگەیاندووە کە ئەو بەرژەوەندیی خۆی دەپارێزێ. رێبەرایەتیو ئەندامانی ئەو حیزبانەش کە پەنایان بۆ ئەو بردووە، دەبوو لەفکری بەرژەوەندیی خۆیاندابن. چونکە بەرژەوەندیی ینک لەگەل بەرژەوەندیی ئێرانی‌داگیرکەری رۆژهەلات کۆکە و لەگەل بەرژەوەندیی حیزبەسیاسیی‌یەکانی رۆژهەڵات کە دژی دۆستە ستراتیژیکەکەی ئەون ناکۆکە. لەو رووەوە ئەو حیزبانە کە پەنابەریی‌یان قبووڵ کردووە، بەپێی هەموو یاسایەک بۆیان نی‌یە دژ بە بەرژەوەندیی پەنادەر بجووڵێنەوە.

پەنابەر لە هیچ حالێک دا بۆی نی‌یە بۆخۆی بیر بکاتەوە. پەنابەر جیرەوەرگرە و بەس. جیا لەو تشتەی بۆی دیارێ دەکرێ، مافێکی دیکەی نابێ.

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە پێی ئەو ڕێککەوتنە دووقۆڵییە ئاوارەن. هەر کاتێ صحرارودی داوای دەرکردن یان تەسلیم کردنەوەیان بکا، ینک ناتوانێ ئەو داخوازە رەت بکاتەوە.
هێچ کەس ناتوانێ زیانی ئەو ئاشبەتاڵە بۆکورد و ئەو دەرفەتانەی کە جێگیرکردنی حیزبەسیاسییەکانی ڕۆژهەلات لە باشور فەوتاندیانن و کوردی ڕۆژهەڵاتیان تووشی ئەو زەلکاوە کرد کە دەیان و بگرە سەتان ساڵی دیکەش نەتوانێ خۆی لێ رزگاربکا بەراوەردبکا. کاتێک هەموو جیهان دژ بە کورد بوو، کورد لەسەرپێ بوو. کاتێ هەموو جیهان لەگەڵ کوردبوو کورد لەڕۆژهەڵات بە وتەی بەرێز تاڵەبانی چەند کەسی هەڵاتوو بوو ...
کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ عێراق گەورەترین دەرفەتی مێژوویییان لەدەست دا. هەبوونێکە ڕەمزیشیان دەیتوانی پێش بەو هەموو کارەساتە بگرێ کە لەنەبوونی ئەواندا تووشی کورد بوو. لە هەبوونیاندا دەتوانرا ئەو حاڵەتەی کە بۆ باشور هاتە ئاراوە بۆ ڕۆژهەڵاتیش و بگرە باشتریش بخولقێ. بەڵام کورد گوتەنی :
"ئای زۆرە پەی زاتێ!" ترسنۆکیی، شەپڕێویی، دووبەرەکیی،نەزانی و خۆ هەڵواسین بە هێزێکی دەرەکییەوە کارێکی وای کرد کە کەس حیسابێکیان بۆ نەکا. بوون بە هۆی سەرشۆریی کوردلە ڕۆژهەڵات و تێکروخاندنی ورەی خەلک و توناکردنی وەچەیەکی کورد و هەموو دەسکەوتەکانی کە لە ماوەی 12/10 ساڵ خەباتی سەربەرزانەی گەلەدا بەدەست هاتبوو.

<u>ڕێبەرایەتی حدکا ( بەهەردوو باڵییەوە) بە پێی قەرارداده ناراستەوخۆکەی بۆ صحرارودی، هەتاهەیە دەبێ لە ئۆردوگای پەنابەرانی یەکێتی نیشتمانی لە باشوری کوردستاندا بمێنێتەوە و بە دوربینیش بۆی نییە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بڕوانێ.</u> یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، قەراردای ئەمنییەتیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی هەیە. لەگەڵ ئەوەش ئەو حیزبە بەرژەوەندیی خۆی بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ناخاتە مەترسییەوە. بەڵام ڕێبەرانی حیزبەسیاسییکانی ڕۆژهەڵات پاش ئەو هەموو تێشکانە پەشێو گوتەنی جۆرێکی دیکە دەپەیڤن:
"لە ژیریدا -
ئەنشتاین شاگردیانە، هێندەژیرن!
شارەزای مێژوی جیهانن،

کون بە کون، کەلێن بە کەلێن...
ستراتێژی دوژمن تەقەی بێ ،
جبەخانەی تاکتیک پڕە ،
مەخزەنێکی پێوە دەنێن!"

با لە کورتی بیبڕینەوە.
حیزبەسیاسییەکانی رۆژهەلات خاوەنی هیچ بەرنامەیەکی سیاسیی نین و بە کردەوە لە خەبات دابڕاون. هیچ تشتێک ناتوانێ ئەوان لە باشوری کوردستان بکاتەوە و روویان بەرەو خەبات بۆ وڵاتەکەیان وەرسووڕێنن. ئەوان دەزانن کە لە هیچ جێیەکی دیکە ئاوایان بۆ نالوێ: داهاتێکی بەلاشی باش کە لەلایەن خاوەن بەرژەوەندیییەوە ناراستەوخۆ دەنێردرێ و تاقمێکی گوێلەمست بەدەورەوە، بێ ئەوە لێپرسینەوەیەک لەئارادا هەبێ ..

2008/01/24